حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٠) لە ٢٠٢٣/٦/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٣/٦/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (ڕێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی) لە هەرێمی کوردستان.

٢. ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە هاوکار و هەماهەنگی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی نوێی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بیناسازی لە هەرێم ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٣. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و وێنەیەکی بنەمای پرۆسەی نوێی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بیناسازیی هاتوو لەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران